

# بازرگانی

مریەم  ڕەییس دانا
لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد

«پانی» پێی گوتبوو، کە ئەمشەو بە خۆت ڕابگە و خۆت لە تەل بدە، گوتبووی ئەم کڕیارە لەگەڵ ئەوانەی دیکە زۆر جیاوازترە و لە دەوڵەمەندەکانە، گوتبووی هەوڵ بە دڵی بفڕێنی و کابرا ئەویندای خۆتی کەی تا بتوانی قوڵی ببڕی. گوتبووی کابرا پیرە سەگێکی قەحبەبابە کە لەسەر ماڵی مفت خەوتووە و هەمووی ژیانیشی لە خۆش ڕابواردنا تێپەڕکردووە. پێی وتبوو بە هەموو لەونێک لەگەڵیدا بسازێت، تەماشای تەمەنی مەکە، کابرا  گیانەوەرێکی دڕی خۆش ڕابوێرە.

# دەق

هەر لەبەر ئەمەیش، کاتژمێری دووی دوانیوەڕۆ، کە لە خەو هەستا، دوا خۆشتن و پێراگەیشتن بە قژەکانی، بە نینۆکە درێژەکانی دەستوپلی لۆکی رەش و لەسەر ئەوانیش جەلای لێدا. ڕاوەستا تاکو وشکببنەوە. هەمووی دەموچاو و ملی بە لووسیۆن پاککرد. قوتووی کرێم پوودرەکەی کردەوە، رەنگی برونزیی هەڵگرت و هێندێکی زۆری لەسەر پێستی دەموچاو، مل، سەرسنگ، قۆڵەکان و تەنانەت سەر دەستیشی هەڵسو و جوان کەڤمالی دا تا لەگەڵ پێستیدا یەکبگرێتەوە، ڕیمیڵی رەش، میتاکی روومەتی ئاجۆری رەش، میتاکی قاوەیی لە لێوی و هێلی رەشی لە لێوی دا، هەمیسان بە چاوەکانی ڕیمیڵ و پشتی چاوی سێبەری قاوەیی لێدا، بۆ سێیەمین جار ڕیمیڵی لێ داوە، قەڵەمی رەشی بە چاوی کێشا، پشت گوێچکەکانی، سەرسنگی و دەستەکانی و بۆنێکی تیژی بەخۆیدا کرد، کە تا یەک دوو سەعاتێکە کە دەیویست بۆ لای کابرا بڕوات بۆنەکەی هۆک ببێت. «پانی» پێی گوتبوو کە ئەم بۆنە تیژە ئەوندەم هارووژێنێت کە هەر ساتێ لە خۆتی ئەدەی هەوەسی رەحەتبوونم لادا هەڵدەستێنی.

لەسەر هەر پەلی گوێچکەیێکی سێ جار سمابوو، لە سەرەوە بۆ خوار و گوارەی زێوین ورد، ناوین و گەورەی خستبوو. ئەنگوستەکانی دەستی بە ئەنگوستیلەکانی زێون داپۆشی و بە مل و پێی چەپی ئاڵقەی زێوی خست.

کراسێکی دکڵتەی کرێم و سۆلەکانی قاوەیی پاژنە بەرزو سەر ئەوانەیش مانتۆی قاوەیی کورت سەر ئەژنۆی لەبەرکردو کیفێکی بچکۆلەی قاوەییشی بەدەستەوە گرت.

کاتژمێری پێنجی دوانیوەڕۆ «پانی» بە پرایدە بڵاڵووکییەکەی کە بە تازەیی یەکێ لە دۆستەکانی بۆی کڕیبوو، هات بەشوێنیدا. دەنگی بۆقی سیارەکەی کە بیست رۆیشتە خوارەوە.

پانی شووشەکانی سەیارەکەی دایە خوارەوەو دەنگی مۆسیقاکەی تەواو بەرزکردبوو و جگەرەیەکی لە قەراخ لێویدا بوو.

هەر کە سواربوو، پانی سەرنجی ئەوی دا و وتی: نازیلێ، چەنە جوان بوویت! چیی لە خۆت کردووە! ئەبێ بە هەموو بارێکدا دڵی خۆشبکەی.

دوایش سیارەکەی ڕۆشنکردو ڕێکەوتن. نازی وتی: باشە ئێستا دڵنیای کە بەهەڵەدا نەچوویت. نەکا وەکو جاری پێشوو ڕێسەکەمان لێ بکەیەوە بە خوری؟

-نا گیانەکەم، خەمی ئەم جۆرە شتانە مەخۆ، تەنیا بیر لەوە بکەرەوە کە چۆن ئەتوانی ڕایگری. هەر ئەمە و بەس!

-باشە پێم بڵێ چۆن کەسێکە؟ دیاری ئەدات یان پارە؟

-تا دیارییەکەی چی ببێت؟ تا بزانین کامیان لەوەی کە پڕپایەخترە؟

کاتێ گەیشتن پانیش دابەزی و تا پاڵ ئەسانسۆرەکە ڕۆشت. چووە نێو ئەسانسۆرەکەش. چوارشانەو پڕو پتەوبوو. باسکە درێژەکانی لە دەوری کەمەری نازی ئاڵاندو ئەوی بەلای خۆیەوە کێشاو توند لەئامێزی گرت. هەرجار ئەم کارەی لەگەڵ ئەکرد نازی دڵەخورپەیەکی تووش ئەبوو. ویستی لێو بە لێوی نازی بنێت کە نازی وتی:

-وا مەکە ئازیزم، سوراو و سپییاوەکەم تێکئەچێ.

نازی قژە شەڕابییەکانی ڕێککردو سەرپۆشەکەی

لەسەر لابرد.

-برۆ جوانکیلە. مەرتەبەی حەوتم ڕوو بە ڕۆژهەڵات. شەو دێم بۆ لات.

کاتێک پیاوەکە دەرگای کردەوە، زۆر تەلەس بوو و ماڵەکەی لە تەمێ لە دووکەڵ گەمارۆبووبوو. وەی کە چەنە پێی خۆشبوو. نزیکەی مانگێک ئەبوو لای بردبوو. ئێستا کە بۆنەکەی بەسەریا هات جۆرێکی لێهات. تا جلوبەرگەکەی داکەند، پیاوەکە لە پشتەوە باوەشی پیاکردو خۆی پێوە نووساندو لە قولکی ملییەوە دەستی کرد بە ماچکردن. نازی خۆی لە ئامێزی ئەو دەرهێنا، ڕۆشت بەرەو مێزەکە و پەرداخێکی بۆ خۆی تێکرد. پیاوەکە وتی:

-بۆ لێم دەربازئەبی، پشیلە مەلۆسەکەم؟

نازی بیری لەو ئەکردەوە کە چۆن ڕای بگرێت و بۆچی لەم کارە دەستەوستانە؟ حەزی ئەکرد پانی بۆ ئەم کارە حسابێکی کەی بۆ بکا. پەرداخەکەی نا بە لێوی کە پیاوەکە دیسان خۆی لێ نزیککردەوە. دەستی خستە سەر کوڵمە گەرم و ناسکەکەی، ئینجا هێدی هێدی بەلای پەناگوێ و مل و ئەمجار قژە درێژو شەرابییەکانی نەوازشتی کرد.

تاڵ بەڵام فێنک بوو. لە دلی خۆیدا وتی با بچمە سەر باس و خواستی خۆمان. هەر بۆ ئەوەش تا پیاوەکە لەئامێزی گرت، وتی:

-چەندە؟

-هەرچی تۆ بڵێی جوانکیلە.

-سەد دانە.

-سەد دانە.

-برۆ بیهێنە.

-دەبێ بیبینم.

بزەیەکی تاڵ نیشتە سەر لێوی کابرا و وتی:

-ئەبێ بیبینم.

پاشان چووە دیوێکی تر. نازی دڵخۆش بەوە کە سەرەنجام ئەمجارەیان گرەوی بردووەتەوە، لەسەر قەنەفەکە ڕاکشا. پیاوەکە بە بەستە دراوێکی سەوزەوە لە دەست لە ژوورەکەوە دەرکەوت و لەسەر داوێنی نازی داینا. بینی بە پەرداخەکەوە نا و دواین تنۆکی هەڵلووشی. لە پەنای قەنەفەکە ڕاوەستا. پەرداخی نازی دایە دەستی و وتی:

-بیخۆ.

هەمووی هەڵدا. پیاوەکە بەرزی کردەوەو لە خۆیی نزیککردەوە. قامکە دۆشاومژەکەی سەر لێوە گۆشتنەکەی نازی داکێشاو ئەمجار لێوە قاوەییە تەنکەکانی خۆی پیانووساند. وا دیاربوو کە زۆرتر دەیەوێت بیگەزێ تا ماچی بکا. دەستی لە پشتەوە خستە ژێر داوێنی و سمتی گرت و وردەوردە دەستی بردە پێش. لە پڕێکدا سەرشێتانە کراسەکەی لە سەرەوە تا خوار دادڕی و تەماشای کرد. خۆی کێشا دواوە و بەدەنگێکی نوزاوی زریکاندی:

-گەندەڵ، خۆ تۆ وەک منی. خۆ تۆ وەک منی. بۆچی تۆی ئەشغاڵیان بۆ من ناردووە؟ گەندەڵ. گەندەڵ.

**سەرچاوە:**

ماڵپەری ئەدەبیی قابیل، لاپەڕەی تایبەتی خاتوو مەریم ڕەییس دانا.